# بەرپەرچدانەوەی کارێکی تیرۆریستی لە مەحمودیە(بەغدا)،لە لایەن هێزی "ئەمان"ەوە

لە پەیوەندی یەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ عبدالهادی الفتلاوی،بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق دوە، دووشەممە ڕێکەوتی 30ئۆکتۆبر2006 ،پێمان ڕاگەیاندرا کە هێزی ئەمان کارێکی گرنگی ئەنجام داوە لە مەحمودیەی ( 25کم لە باشووری بەغدا) .ژمارەیەک لە چەکدارانی حیزبی ئیسلامی(ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی) لە هەوڵیاندا بۆ جێبەجێکردنی هێرشێکی چەکدارانە بۆ سەر خەڵکی مەدەنی ئەم ناوچەیە،بەڵام ڕووبەڕووی هێزی ئەمان بوونەوە،کە ئەم ناوچەیان دەپاراست لە کاری تیرۆریستی دژ بە دانیشتوانی ناوچەکە.هێزی ئەمان بەرانبەر ئەو تیرۆریستانە وەستانەوەو ناچاریان کردن بە پاشەکشەو بە سەر شۆڕی گەڕانەوە.

جێ ی سەرنجە، کە ئەمە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیە لە نێوان هێزی ئەمان و گرووپە تیرۆرستەکان ،لە سەرەتای دروست بوونیەوە.

ڕوونەکردنەوەی زیاترتان پێ ڕادەگەیەنین ،هەرکاتێک زانیاری زیاترمان لەبەر دەستدا بێت.

ناوەندی ڕاگەیاندنی

کۆنگرەی ئازادی عیراق

2006/11/2